# گومانڕەشی و ئیرەیی داهێنەران

سەباح ئیسماعیل
(کەرکووک)

پـاش ئـەوەی دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـووەوە، موزیکژەنـی نـاوداری نەمسـایی مۆزارتـی مـەزن دەرمانخـوارد کـراوە و ئـەوی ژارخـواردی کـردووە موزیکژەنـی ئیتاڵـی سالێری هاوەڵـی بـووە، ئـەوە بـۆ (پووشـکین)ی باوکی ئەدەبی ڕووسـی (١٧٩٩-١٨٣٧ز) بـووە هەوێنـی نووسـینی شـانۆنامەیەک بـە نـاوی «مـۆزارت و سـالێری».

دواتـر، لەسـەر بنەمـای ئـەو شـانۆنامەیە میلـۆش فۆرمـان فیلمـی نـاوداری «ئەمادیـۆس»ی بەرهـەم هێنـا. لـە بەشـی یەکەمـی شـانۆنامەکەی (پووشـکین)دا سـالێری بـە ناڕەزاییەکـی توندەوە دژ بە دادپەروەریی خودایی قسـان دەکات، «چما بۆچـی ئەمێـک تـا ڕادەی مـردن ئاشـقی موزیـک بێـت و لـە منداڵییـەوە ژیانـی لەپێنـاو موزیکـدا تەرخـان کردبێـت، کەچـی ئـەم بەهرەیـە بـۆ کەسـێکی سـادەی شـێت دەڕوات».

ئەودەمـی مـۆزارت گەیشـتە ڤیەننـا، جوزێفـی دووەمـی ئیمپراتـۆر سـالێری وەک موزیکژەنـی کۆشـک هەڵبـژارد. سـالێری وای لـێ هـات زۆری ڕێـز لـێ دەگیـرا، بەتایبـەت لای ئەندامانـی چینـی ناوەنـد.

مۆزارتـی بەهـرەدار چەشـنی فریشـتە دابەزییـە سـەر زەوی، دەتگـوت ئاوازەکانـی لـە بەهەشـتەوە هێنـاون. هێنـدەی نەبـرد سـالێری لـە ترسـی توانایـی گـەورە و لـە ئاوەزبـەدەری مـۆزارت تـاڵاوی دەردەئیرەیـی و بەدگومانـی ناخـی دەکـرۆژێ و هەلاهـەلای دەکات. دەکەوێتـە دژایەتـی کردنـی مـۆزارت، تـاڕادەی ژارخواردکردنـی.

ژینگەیـەک نییـە خاڵـی بێـت لـە ئیرەیـی و گومانڕەشـی. زۆرن ئەوانـەی وا هەسـت دەکـەن ئەگـەر ددان بـە داهێنەریـی کەسـێکی دیدا بنێن، ئـەوە خۆیـان دەسـڕنەوە، یـان لـە بەهـای خۆیـان کـەم دەکەنـەوە. هەڵبـەت مێـژووی نووسـەر و ڕووناکبیـران گەلێـک شـێوازی ململانێـی نێـوان گەورەکانـی بـۆ تۆمـار کردووین کـە گومانڕەشـی (غیـرە) جووڵاندوونـی. بـە شـێوەیەک هیـچ بارانێـک نەیتوانیـوە شـوێن پێیەکانـی لـە نـاو دڵ و ئـاوەزی مرۆڤەکانـدا بسـڕێتەوە. «هـەر هێنـدەی ئـەم گومانڕەشـییە ئەدەبییـە ڕەوایـە بگۆڕێـت بـۆ دۆخێـک لـە ڕقـی کەسـێتی، ئـەوە

دەبێتــە ســەرچاوەی نەخۆشــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی ئاڵــۆز، داهێنــان و ژیانــی کۆمەڵایەتیــش دەشــێوێنێت (١)».

## ئیرەیی لای نووسەرانی بیانی

فرانسیس بەیکۆن (١٥٦١-١٦٢٦)ی فەیلەسووف و بیرمەنــد و سیاســەتمەداری گــەورەی بریتانــی، کەســایەتییەکی بەناوبانــگ و دەوڵەمەنــد بــوو، پۆســتی گــەورەی چنییــەوە، دادوەری گشــتی شــاژن، نوێنــەری گشــتی، لــە دواییشــدا لەســەر کورســی ســەرۆکی دادوەران دانیشــت. گەلێــک جــار دوودڵ بــوو لــەوەی کامیــان کاریگــەرە، سیاســەت بــە هەمــوو ســوودەکانییەوە، یــان فەلســەفە بــە گشــت سەرئێشــەکانییەوە: «وام دەزانــی مــن بــۆ ئــەوە لەدایــک بــووم تاکــوو خزمەتــی مرۆڤایەتــی بکــەم، بۆیــە لــە خــۆم دەپرســی: چــۆن بتوانــم سوود بــە مرۆڤایەتــی بگەیەنــم، بینیم بە سروشــتی خــۆم ئامادەبوونــی تایبەتــم هەیــە بــۆ ڕامــان لــە ڕاســتی»، بــەڵام لــە ســۆنگەی ئــەو ڕەوشــەی دوای مردنــی باوکــی ســاڵی ١٥٧٩ پێیدا تێپــەڕی، بڕیــار دەدات کار لــە سیاســەت بکات، بۆیــە بــە ناچاری کۆلێژەکــەی جــێ دەهێڵێــت بــۆ قبووڵکردنــی پۆســتی دیپلۆماتــکار لــە باڵیۆزخانــەی ئینگلیــز لــە پاریــس. هەڵبــەت سیاســەت جگــە لــە نەیــار و سەرئێشــە، هیچــی پــێ نەبەخشــی، یەکێــک لــەو سەرئێشــانە بــووە هــۆی لەســێدارەدانی نزیکتریــن هاوڕێــی «ئەلئیــرڵ ئیسکس»، کــە تۆمەتی ناپاکی گەورەیــان دایەپــاڵ، شــاژن ئەلیزابێــس، بەیکــۆن -ی بۆ پۆســتی دادیاری گشــتی هەڵبــژارد، ئەویش بەڵگەکانــی ناپاکــی هاوڕێکــەی پێشــکەش کــرد، ئەمــە وای لــە بەیکــۆن کــرد هەســت بــە ئــازاری ویــژدان و شــەرمەزاری بــکات، دەنووســێت: «حــەز و ئومێــدم لــەو هەتــاوە دەچــوو لــە میانەیــەوە پیســی و گڵاوی تێدەپــەڕن، کەچــی ئەوجــاش وەکــوو پێشــوو هــەر بــە بێگــەردی دەمێنێتــەوە».

لــێ کارەکان بــە دڵــی ئــەو نەڕۆیشــتن، نەیــاران و ئیرەییبــەران چاوەڕێــی دەرفەتێکیــان دەکــرد بیکەوێنــن. «لــە ئاهەنگێکــدا بــە بۆنــەی گەیشــتنە تەمەنــی شەســت ساڵییەوە گێڕای لــەو دەمــی پێکــی «شــەرەفی هاووڵاتــی پاشــا و گەشــبەختترینیانی هەڵدەدا»، دەســتەیەک ســەرباز گەیشــتنە کۆشــکەکەی فەرمانــی دەســتگیرکردنی ئەویــان پــێ بــوو بــە تۆمەتی بەرتیــل وەرگرتــن.. ئەوەبــوو خرایــە زیندانــی تــاوەری لەندەنــەوە و هەمــوو ئــەو نامــەی سکاڵایانەی بــۆ شــا جەیمســی نــارد بــۆ لێخۆشــبوونی بــێ ســوود بــوون، دادوەران بڕیارێکیــان دەرکــرد بــە ســزای پــارە بــە بــڕی چــل هــەزار جونــەی، بــۆ ئــەوەی مــاوەی زیندانییەکــەی تــەواو ببێــت، ئەویــش بڕیــار دەدات گۆشــەگیر بێــت و لــە گوندێکــی دیکــەدا ســاڵانی ژیانــی دەباتەســەر بــە خۆتەرخانکــردن بــۆ خۆشەویســتەکەی (فەلســەفە)، ئــەوی سیاســەت و گەمەکانــی لێیــان دزی.. (٢)

ڤۆڵتێــر دەڵێــت، بەیکــۆن دەیتوانــی لەســەر کێلــی گۆڕەکــەی بنووسێت «بــا بیروبۆچوونەکانــم لــە بنیادنانــی جیهانێکــی نوێــی پــڕ لــە ڕووناکیــدا ببنــە بــەردی بناغــە».

هاشــم ســال لــە وتارێکیدا بــە نــاوی «وردە ململانێی نێــوان کەڵــە نووســەرانی ئــەدەب و هــزر» باســی ڕقــی شــۆپنهاوەر دەڕۆســت یەکێــک لــە مەزنتریــن فەیلەســووفانی مێــژوو دەکات، (هیــگڵ)ی ئەرســتۆی ســەدەی نــوێ، هەردووکیــان بلیمەتــن، بــەڵام شــۆپنهاوەر پێچەوانــەی هیــگڵ درەنــگ دەرکــەوت:

«بڕوانــن شــۆپنهاوەر چــی بــە هیــگڵ دەڵێــت، شــتێک ســەر ســپی دەکات، جوێنــی بــێ وێنــەی ناشــیرین، هۆکارەکــەی ئەوەیــە هیــگڵ زۆر نــاودار بــوو، ســەدان خوێنــدکاری بــۆ وانەکانــی ڕادەکێشــا، لەکاتێکــدا شــۆپنهاوەر گومنــاو بــوو، تەنیــا چــوار

پێنج خوێندکاری هەبوو، بێگومان هەردووکیان لە یەک زانکۆ و لە یەک سەعاتدا وانەیان دەگوتەوە! بەرلین. ئیدی شێتگیر دەبێت و لە ئاست هیگڵ دا ئیرەیی دەمارەکانی دەکوڵێنێت، تابڵێی دژمانی ناشیرینی پێ دەدات، وەک: «ئەم کەسە هیچوپووچەی ناوی (هیگڵ)ـە! ئەم دەجاڵە بێ ڕۆحە، قێزەونە، بێزراوە، نەزانە، ئایا شایانی ئەم هەموو بایەخەیە؟ فەلسەفەکەی بریتییە لە هەڵخەڵەتاندنێکی گەورە، یان درۆیەکی زل، بریتییە لە دەمپانکردنەوەیەکی گۆکردنی بەتاڵ، بریتییە لە قسەی قۆڕ، یان سەفسەتە، ئەو فەلسەفەیەی گەمژەترینە لە مێژوودا. جگە لە شێتخانە و نەخۆشخانە دەروونییەکان، قسەی بەتاڵی وەک قسەی ئەم پیاوە جادووگەرە نابیننەوە... تاد». (٣)

تورگنێف (١٨١٨- ١٨٨٣ز) کاتێک ڕق لە دەستۆیڤسکی (١٨٢١ - ١٨٨١ز) هەڵدەگرێت، دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک ناشیرین و وێرانی بکات بە شێوەیەک باسی گرفتە دەروونییەکانی دەکات، هەڵبەت کەسانێک هەبوون بەردەوام گەرمیان دەکرد. دیارە قسە بەناوبانگەکەی فرۆیدی بیرچووبووەوە، یان بایی ئەوەندە نەژیا بیبیسێت: ڕەنگە لە (دەستۆیڤسکی) دا هەموو گرێ و گرفتەکانی زەوی ببینینەوە، بەڵام لە بەرانبەر دەستۆیڤسکی نووسەری بلیمەتدا، ناتوانیت هیچ بکەیت، تەنیا ئەوە نەبێت: بێیتە سەر چۆک و سەردانەوێنیت.

لە سۆنگەی هەمیشە لاسەنگبوونی تەرازووەکە و «لە سایەی کێشمەکێش لەسەر ناوەندی ڕووناکی و هەڵپەکردن بۆ دەستکەوت، ئەم ململانێ ئاشکرا و شاراوەیە هەڵدەچێت، هەندێک ڕۆشنبیری ئیرەییبەری لە پشتەوەیە، لەوانەی گەلێک بانگەشەی برایەتی و ئایدیاڵییان دەکرد و هێندەی نەبرد پەردە لەسەر ڕوویان هەڵدرایەوە و خۆشەویستان گۆڕان بۆ نەیار و دوژمنان». (٤)

هەندێک جار کارەکە ئەرێنی دەبێت و بە نووسین وەڵامی یەکدی دەدەنەوە و وەک دەڵێن شەڕی ئەدەبیی دەکەن، بەڵام ئەگەر تەشەنە بە لایەنە نەرێنییەکەی بدرێت، ئەوە کارەساتێک دەخولقێنن، بۆ ناشیرینکردن و تۆمەتبارکردنی یەکتر، تۆمەتی دزیی ئەدەبی دەدەنە پاڵ یەکدی و قەبارە و بەهای کارە ئەدەبییەکانیان کەم دەکەنەوە و تۆمەتی ناشیرین بۆ یەکدی هەڵدەبەستن، ئەمە ئەودەم دروست دەبێت، ئەوی دی ڕووناکی زیاتری دەخرێتە سەر و بەرهەمەکانی وەردەگێڕدرێن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا پتر ئامادەیی دەبێت و خەڵات دەکرێت و ڕێزی لێ دەنرێت...

فرۆید ئەمە ناودەنێت «گرێی ئۆدیب»، (ئەمین زاوی)ی ڕۆماننووسی جەزائیری واوەتر دەڕوات و ناوی دەنێت «گرێی قابیل»، دەڵێت: «ئەوانە نەخۆشی دەسەڵاتی وەهمین، یان وەهمی دەسەڵاتن، ئەمەش وایان لێ دەکات بیر لە (کوشتنی برا)ی ڕەمزی ئەدەبی بکەنەوە بۆ ئەوەی تەنیا خۆیان وەهمی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت، ئەوانە لە خوێنمژانی ئەدەب دەچن». (٥)

ڤێرجینیا وۆڵف (١٨٨٢- ١٩٤١) تا مرد ئیرەیی بە جەیمس جۆیس دەبرد و بە نووسەرێکی خراپی دادەنا. نووسەری پیرۆیی ماریۆ بارگاس یۆسا، کاتێک گوتی بەدگومانیی ئاوەز دەشێوێنێت و ڕێگەی بیرکردنەوەی ژیرانە نادات، باش دەیزانی ئیرەیی نووسەران کاریگەرتر و بە ئازارترە لە ئیرەیی کەسانی سادە. ئیرەیی توانایی ئەوەی هەیە هەموو شتەکان تێکوپێک بدات، گریان تێ بەردات و بوونیان بسڕێتەوە، دوورنییە بگاتە ڕادەی

خۆکوشتن. وەک ئەوەی لە نێوان دوو ڕۆماننووسی هەرە مەزنی ژاپۆن، یۆکیۆ میشیما و کاواباتادا ڕووی دا. ئەو دوو نووسەرە بۆ پتر لە نیوسەدە نامەیان لەگەڵ یەک گۆڕییەوە، نامەکان پڕ بوون لە ڕێز و خۆشەویستی، تاکوو کاواباتا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، ئیدی کێچ کەوتە کەوڵی (میشیما) وە، بەرگەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هاوڕێکەی نەگرت، دەمودەست پێوەندییەکەیان ڕووی لە خراپی کرد. میشیما بەهۆی ئیرەییەوە نەیتوانی پیرۆزبایی لە مامۆستاکەی بکات، ئەوەبوو خۆی کوشت. هەر دوای دوو ساڵ لە خۆکوشتنی میشیما، کاواباتاش خۆی کوشت. چون کاردانەوەی هاوەڵەکەی بێت.

نموونەیەکی بەرچاوی تەواو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە، کاتێک ئەلبێر کامو ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی نۆبڵی پێ دەبەخشرێت، سارتر ڕقی لێ هەڵدەگرێت، چونکە پێش ئەو وەری گرتووە، کامو دەچێت بۆ یۆنان بۆ لای هاوسەری ڕۆماننووسی گەورە نیکۆس کازانتزاکی (١٨٨٣ - ١٩٥٧)، پێی دەڵێت: ئەم خەڵاتە شایانی کازانتزاکی بوو، نەک من.

### ئیرەیی لای نووسەر و هونەرمەندانی عەرەب

**من یووسفم بابە**

(شیعری: مەحموود دەروێش- و: ئازاد بەرزنجی)

**من یووسفم بابە**
**براکانم منیان خۆش ناوێ بابە**
**نایانەوێ لەگەڵیان بم بابە**
**دەستدرێژیم ئەکەنە سەر و**
**بەردباران و جنێوبارانم ئەکەن و**
**ئەیانەوێ بمرم تا مەدح و سەنام کەن**
**دەرگای ماڵەکەی تۆیان لەسەر داخستم**
**لە مەزراکە دەریان کردم**
**ڕەزەکەیان ژاراوی کردم.. بابە**
**یارییەکانیان وردوخاش کردم.. بابە**
**کە نەسیمێ هەڵی کرد و یاریی بە قژم کرد**
**ئیرەییان پێ بردم و لە منیش و لە تۆش تووڕە بوون**
**بابە من چیم لەوان کردووە؟**
**پەپوولەکان خۆیان لەسەر شانم نیشتنەوە**
**گوڵەگەنمەکان خۆیان بۆم چەمانەوە**
**باڵندەکان خۆیان لەسەر لەپی دەستم هەڵنیشتن**
**ئیتر من چیم کردووە بابە؟**
**بۆچی من؟**
**تۆ ناوت نام یووسف**
**براکانم فڕێیاندامە بنی بیرەکەوە و**
**گورگیشیان بەو کارە تاوانبار کرد**
**گورگ لە براکانم بەڕەحمترە.. بابە**
**ئاخۆ من غەدرم لە کەس کرد کاتێ وتم:**
**«یانزە هەسارەم بینی**
**لەگەڵ خۆر و مانگدا**
**بینیمن سوجدەیان بۆ ئەبردم؟»** (٦)

ئەم شیعرەی مەحموود دەروێش بەسەرهاتێکمان دەهێنێتەوە یاد، کۆن هێندەی کۆنیی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی؛ بەسەرهاتی یووسفی کوڕی یەعقووب پێغەمبەر، کە چۆن لەبەرئەوەی خوا جوانی و شۆخیی پێ بەخشیبوو و خۆشەویست بوو، ئیرەیی براکانی دەگاتە ڕادەیەک، پیلان دژی بگێڕن و بیر لەوە بکەنەوە چۆن لەناوی ببەن. (٧)

ئینگلیز دەڵێت: هیچ بەدگومانییەک لە بەدگومانیی ئافرەت توندتر نییە، مەگەر بەدگومانیی نووسەران لە یەکدی! مێژوو ناوی زۆری لەم بارەیەوە بۆ تۆمار کردووین، وەک ئیرەیی و ناکۆکی نێوان مەعەڕی و شەریف ئەلڕەزی، موتەنەبی و ئەبوو فیراس ئەلحەمدانی، جەریر و فەرەزدەق، لە مێژووی نوێشدا نێوان ئەحمەد شەوقی و حافز ئیبراهیم، زەهاوی و ڕەسافی، جەواهیری و بەیاتی.

یاقووتی حەمەوی (١١٧٨- ١٢٢٩ز) لە کتێبی (معجم البلدان)دا چیرۆکی تۆڵەسەندنەوەی ئەلزەمەخشەری (١٠٧٥- ١١٤٣ز) لە ئەلمەیدانی (....- ١١٢٤ز)ی نەیساپووری دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی کتێبەکەی (مجمع الامثال)ی بینی، ئیرەیی بە باشیی کتێبەکە برد. کاتێک ئەلزەمەخشەری کتێبەکە دەبینێت، خامە دەگرێتە دەستەوە و بە مەبەستی بێ بەهاکردن و شێواندن پیتەکانی ناوی ئەلمەیدانی زیاد دەکات، پیتی (ن) دەخاتە سەر ناوی ئەلمەیدانی و دەیکاتە (ئەلنەمیدانی)، بە فارسی واتا «ئەوی هیچ نازانێت»، ئەمیش بە ناچاری دەست دەداتە خامە و هەمان پیت دەخاتە سەر ناوەکەی ئەلزەمەخشەری و دەیکاتە (ئەلزەنەخشەری) هەر بە فارسی واتا: «ژنەکەیی کڕیوە». (٨)

سەیفولدەولە ئەلحەمدانی (٩١٦- ٩٦٧ز) دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لە دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا، لە سەرەتاکانی ساڵی ٩٤٠ی زاییندا ئەمارەتێکی لە حەلەب دامەزراند. گەلێک شاعیر و مێژوونووس و نووسەری لە دەوروبەری خۆی کۆکردەوە، لە گرینگترین ئەو شاعیرانە ئەلموتەنەبی (٩١٥ - ٩٦٥ز) و ئەبوو فیراس ئەلحەمدانی (٩٣٢- ٩٦٨ز) و ئیبن نەباتە و فەیلەسووفی گەورە ئەلفارابی (٨٧٠- ٩٥٠) بوون. ئەلموتەنەبی نۆ ساڵ لە ژێر سایەی سەیفەولدەولەدا مایەوە، بوونی ئەلموتەنەبی وای کرد ناوی دەیان شاعیر و نووسەر بشارێتەوە و ناویان نەبێت.

سەیفولدەولە بەخششی زۆری بە شاعیران دەدا، چونکە شاعیرانی دەربار لە شیعرەکانیاندا ئەرکیان پیاهەڵدان بوو، لە ڕێگەی ئەمانەوە دەسەڵاتی سەیفولدەولە لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا تەشەنەی کرد. هەڵبەت تەنیا شاعیران لە کۆشک نەبوون، بەڵکوو زانایانی لێکۆڵینەوەی ئایینی، مێژوو، فەلسەفە و فەلەکناسیش هەبوون، ئەمە وای کرد ئەلموتەنەبی لە کۆشکدا لە هەمووان پتر جێگەی ئیرەیی بێت، لەبەر زۆرزانایی و ئەو پێگە تایبەتەی لای سەیفولدەولە هەیبوو. لەوەدەکات ئەلموتەنەبی ئەم دێڕەی بۆ سەیفولدەولە نووسیبێت، دەڵێت:

**ازل حسد الحاسدين عني بكبتهم**

**فانت الذي صيرتهم لي حسدا** (٩)

زۆربەی زۆری نەیارانی ئەلموتەنەبی لە عەجەمەکان بوون، لە پێشی پێشیانەوە ئیبن خالەوەی هەمەدانی (...- ٩٨٠) بوو، ئەوی لەسەر چامەیەک گفتوگۆی لەگەڵ (ئەلموتەنەبی) دا کرد، ئەلموتەنەبی پێی گوت: بەڵات لێ دا، تۆ عەجەمیت، چیت لە عەرەبی داوە!

ئیبن خالەوەی لە فەقیانەکەی کلیلێکی ئاسنی دەرهێنا و کێشای بە دەموچاوی ئەلموتەنەبی و دەموچاوی بریندار کرد، هەروەها یەکێک لە نەیارەکانی تری ئەلموتەنەبی، ئەبوو فیراس ئەلحەمدانی ئامۆزای سەیفولدەولە بوو، بەدڵی نەبوو ئەو هەموو بەخششەی تەنیا بە ئەلموتەنەبی شاعیر دەدا.

لە کۆتاییدا ئیرەییبەران توانییان پێگەی شاعیر لەق بکەن و لای سەیفولدەولە زمانی لێ بدەن و بۆی تێ بگووشن، ئەوەبوو پێوەندیی نێوانیان تێک چوو و بۆ میسر سەری هەڵگرت. دواتر ئەلموتەنەبی لە میسر دەرچوو و ڕووی لە مەغریب کرد، فاتمییەکان دەسەڵاتداری ئەوێ بوون، لەوێش زۆر نەمایەوە، دوای ئەوەی شاعیر ئیبن هانی (٩٣٨- ٩٧٣ز) پیلانێکی بۆ دانا، ئەوەبوو وڵاتی فارس دوایەمین وڵات بوو پێی نایە سەر، پێش کوژرانی بەدەست فاتیک ئەلئەسەدی بەر لەوەی بگاتە بەغدا، ئەمەش

لەسۆنگەی ئـەوەی چامەیەکـی داشـۆرینی لەسـەر کوڕخوشـکی فاتیـک نووسـیبوو. (١٠)

لەکاتـی ڕووبەڕووبوونـەوەدا ئەلموتەنەبـی ویسـتی ڕابـکات، کوڕەکـەی پێـی گـوت: «ئـەوە هەڵدێیـت! تۆیـەک وتووتـە: (والخیـل واللیـل والبیـداء تعرفنـي ... والسـیف والرمـح والقرطـاس والقلم). (١١) ئیدی ئەلموتەنەبـی بڕیـاری دا ڕانـەکات، بـە کوڕەکـەی گـوت: (تـۆ بەمـە منـت کوشـت). ئەوەبـوو وێـڕای ئەلموتەنەبـی، کوڕەکـەی و غولامەکەشـی کـوژران.

بێگومـان لـە سـەردەمی نوێشـدا نموونـە زۆرن، بـۆ نموونـە ئـەو ئیرەیـی و ناکۆکییـەی نێـوان هـەردوو شـاعیری نـاوداری عێـراق جەمیـل سـدقی زەهـاوی و مەعـرووف ڕەسـافی گەیشـتبووە ڕادەیـەک هـەر یەکەیـان داوای ئەمارەتـی شـیعریی بـۆ خـۆی دەکـرد و داوایـان لـە شـاعیران دەکـرد لـە ڕۆژنامـەکان پەیمانیـان بدەنـێ، متمانەیـان پـێ ببەخشـن و بـە میـری شـاعیرانی خۆیانیـان بزانـن، کار بـەوە گەیشـت، تەنانـەت شـا فەیسـەڵ داوەتـی کـردن، تاکـوو ئاشـتیان بکاتـەوە، کەچـی لـەوێ خراپتـر تێکیـان دا.

مـەی زیـادە (١٨٨٦- ١٩٤١)ی ژنەنووسـەری لبنانـی کـە بـە هـۆی زیرەکییەکەیـەوە نـۆ زمانـی دەزانـی، بووبـووە بزوێنـەری ئیرەیـی لای گەلێـک نووسـەری نـاوداری سـەردەمەکەی، وەک: خەلیـل مەتـران، تەهـا حوسـێن، حافـز ئیبراهیـم، عەبـاس مەحمـوود ئەلعەقـاد، ئەحمـەد شـەوقی، مازنـی، ڕەیحانـی و هـی تریـش.

تاهیـر وەتـاری پێشـەنگی بـێ ڕکابـەری ڕۆمانـی جەزائیریـی نووسـراو بـە زمانـی عەرەبـی، ئیرەیـی و بەدگومانـی بەرابـەر ڕەشـید بوجـەدرەی ڕۆماننـووس کـەم نەبـوو. ڕەشـید بوجـەدرەش هەمبـەر کەمـال داودی ڕۆماننـووس هەمـان هەسـت ختووکـەی دەدا. «لـە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـوردوو، تاهیـر وەتـار تووڕە بوو و هاوسـەنگی سـایکۆلۆجی خـۆی لەدەسـت دا، ئـەو گەورەتریـن نووسـەری جەزائیرییـە لـەو قۆناغـەدا بـە زمانـی عەرەبـی دەینووسـی، کاتێـک بیسـتی ڕەشـید بوجـەدرەی ڕۆماننـووس یەکەمیـن ڕۆمانـی خـۆی بـە زمانـی عەرەبـی بڵاوکـردەوە، ڕۆمانـی (هەڵوەشـانەوە) ١٩٨٢، لەکاتێکـدا لـە جیهانـدا بـەوە ناسـراوە بـە فەرەنسـی دەنووسـێت، ئەمـەی بەسـەردا هـات، لەترسـی ئـەوەی نەکـوو نـاوی تاهیـر وەتـار لـە بـەردەم ئامادەبوونـی ناوێکـی ئەدەبیـی درەوشـاوە و گەشـاوەی وەک ڕەشـید بوجـەدرەدا بکەوێتـە سـێبەرەوە. تاهیر وەتار لە هاتنەناوەوەی بوجەدرە لـە نووسـین بـە عەرەبـی لـە بۆڵەبـۆڵ نەدەوەسـتا، لـە بـەردەم ڕۆژنامەنووسـان و مامۆسـتایانی زانکـۆ و ڕۆشـنبیراندا ئەمـەی نەدەشـاردەوە، دەسـتەواژە بەناوبانگەکـەی دووپـات دەکردەوە: بـا لـە شـوێنی خۆیـدا بمێنێتـەوە (مەبەسـتی بوجـەدرە بـوو) لـە ڕۆمـان بـە زمانـی فەرەنسـی، بـا لـە ڕۆماننووسـین بـە عەرەبـی لەکۆڵمـان ببێتـەوە و وازمـان لـێ بهێنێـت، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا جەنـگ لـە نێـوان ئـەو دوو ڕۆماننووسـەدا هەڵگیرسـا و پێوەنـدی نێوانیـان بـڕا، تاکـوو مردنـی تاهیـر وەتـار سـاڵی ٢٠١٠». (١٢)

ئەمـە ئـەو گرێـی قابیلەیـە زاوی باسـی دەکات. هەڵبـەت لـەم نێوەدا سـوودوەرگری یەکـەم ڕێژیمـە سیاسـییەکە بـوو، چونکـە سـوود لـەو جەنگانـە دەبینێـت و هانیـان دەدات بـۆ پەرەپێدانـی ئـەو گرێیـە، گرێـی یەکـدی کوشـتنی بـراکان، ئاگرەکـە خۆشـتر دەکات، چونکـە بەمـە هـۆزی خوێنـەران بـەش بـەش دەکات و هـەوڵ دەدات بـەو هەڵسـوکەوتە پەراوێزخراوانـەوە مژووڵیـان بـکات و بـۆ ماوەیەکیـش بێـت داخوازییـە ڕەواکانیـان هەمبـەر سـەرکوت و کەمتەرخەمیـی ڕێژیمەکـە بیر

بچێتــەوە.

ســەلامە مووسای گەورە نووســەری میسری «بە درێژایــی ژیانــی ئاواتــی ئــەوەی دەخواســت ســەد ســاڵ بــژی، چەشــنی کۆتایــی (جاحــز) بمرێــت و دەوروبــەری هەمــوو کتێــب بێــت، هیــچ نووســەرێکی عــەرەب وەک ئــەو هێــزی کاریگــەری و هەمەڕەنگــی لــە نووســیندا تێــدا کۆنەبووەتــەوە، کتێبەکانــی بوونــە ڕواڵەتێــک لــە ڕواڵەتەکانــی کتێبخانــەی عەرەبــی، بیروبــاوەڕی بــە تــەواوی تەشــەنەی کــرد، نووســەرانی ئــەو ســەردەمە وای بۆچــوون ئەگــەر بــە خۆیانــدا نەگــەن، ئــەم پیــاوە بــاڵا مامناوەندییــە بــەڕە لــە ژێــر پێیــان دەردەهێنێــت، ئەمــەش وای لــە زۆریــان کــرد بەشــێک لــە کاتــی خۆیــان بــۆ بەرپــەرچدانــەوەی «گومڕاییەکانــی - هرطقــات» ســەلامە مووســا تەرخــان بکــەن». (١٣)

ئەدۆنیــس دەڵێــت: خەلیــل حــاوی، چونکــە ئیرەیــی پــێ دەبــردم، هەمیشــە لــە نێــو هاوڕێکانیدا بەخــراپ باســی دەکــردم. کــە لێــی دەپرســن، ئەدی ڕای تــۆ لەبــارەی ئــەوەوە چییــە؟ دەڵێــت: «ڕێــز لــە ئەزموونــی دەگــرم، بــەڵام چێــژ لــە شــیعری وەرناگــرم». لەبــارەی ئەوەیشــەوە کــە مەحمــوود دەرویــش گوتوویەتــی: «شــەرم لــە فرمێســکی دایکــم دەکــەم، تامەزرۆییــم بــۆ نانــی دەســتی دایکــم هەیــە» ئەدۆنیس دەڵێت: «پێکەنینــم بــەو گریانــە شــیعرییە دێــت». (١٤)

بــەدر شــاکر ئەلســەییاب کــە بــە ئەدەبــی ئینگلیــزی ئاشــنا بــوو، توانــی ســەرەتایەکی نــوێ بــۆ گۆڕینــی شــیعری عەرەبــی پێشــنیاز بــکات، کە دواتــر بە کۆششــی چەنــدان شاعیری تریش، شیعری عەرەبی گۆڕانکاریی ڕیشــەیی بە خۆیــەوە بینــی، کەچــی هەندێــک نووســەر، ڕەنگــە لــە دژی ئەلســەییاب، دەیانگــوت نــازک ئەلمەلائیکــە پێشــەنگی شــیعری نوێــی عەرەبییــە، چونکــە ئــەو یەکــەم جــار تەفعیلــەی کێشــی عەرەبی دەســتکاری و بــەش بــەش کــردووە، وەک ئــەوەی مۆدێرنیزمــی شــیعری و گۆڕینــی شــیعر، تەنیــا مەســەلەیەکی تەکنیکــی و پێوەنــدی بــە ژمــارەی تەفعیلــەی دێڕەکانــەوە هەبێــت! (١٥)

یووســف ئیدریــس (١٩٢٧- ١٩٩١)ی چیرۆکنووس و شــانۆنامەنووس و ڕۆماننووســی میســری، نەجیــب مەحفــووز (١٩١١- ٢٠٠٦)ی ڕۆماننووســی زۆر خــۆش دەویســت، ســەرهات و نامــە و ڕاباردنــی شــەوانە و ســەردانی یەکــدی لــە نێوانیانــدا هەبــوو، ئیدریــس هەمیشــە مەحفــووزی لــە پێشــەوەی ڕۆماننووســانی عــەرەب دادەنــا، کەچــی هــەر هێنــدەی بیســتی نەجیــب مەحفــووز خەڵاتــی نۆبڵــی ئەدەبــی پــێ بەخشــرا، هەڵگەڕایــەوە و لــە دۆســتەوە گــۆڕا بــۆ دوژمــن، وتارگەلێکــی تونــدی لەســەر مەحفــووز نووســی، تێیانــدا دایدەشــۆری، تــا ئــەو ڕادەیــەی بــە ئاســاییکردنەوە لەگــەڵ ئیســرائیلدا تۆمەتبــاری دەکات.

ئــەم ئیرەییبردنــە مــەرج نییــە هــەر ئیرەییبــردن بــە مــادە و دارایی بێت، دەشــێت بــە پێگە و پایەی مەعنــەوی، بــە توانایــی و لێهاتوویــی، بــە جوانــی و شــۆخی، بــە توانایــی داهێنــان لای کەســێک بێــت کەســی ئیرەییبــەر شــکی نابــات. ئیرەیــی تژییــە لــە خــەم و داخ بــۆ باشــی و جیــاوازی و بەختــەوەری و ســەرکەوتنی مرۆڤێکــی دی، لــە هەمــان کاتیشــدا خۆشــحاڵییە بــە بەدبەختــی و نەهامەتــی کەســی تــر، بێگومــان ئەمــەش چێژێکــی سادیســتانەیە هیــچ بەدەســت ناهێنێــت.

محەمــەد عەبدولوەهــاب (١٨٩٨ - ١٩٩١)ی ســترانبێژی ناســراو بــە «مۆســیقاژەنی نــەوەکان» ئیرەییبــەران هەراســانی دەکــەن و لــە گۆڤــار و ڕۆژنامەکانــی ئەوکاتــی میســردا زۆر بــە خــراپ و بێویژدانانــە لەبارەیــەوە دەنووســن، ڕۆژێکیــان

گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان کۆدەکاتـەوە و دەچێـت بـۆ لای شـاعیری نـاودار ئەحمـەد شـەوقی (١٨٦٨- ١٩٣٢)ی میـری شـاعیران. سـکاڵا و دەردەدڵـی خـۆی لـەلا دەکات چـۆن ئیرەییبـەران ژیانیـان لـێ تـاڵ کـردووە و چەنـد بـە خـراپ لەسـەریان نووسـیوە، شـەوقی پێـی دەڵێـت هەمـوو ئـەو نووسـراوانە لەسـەر زەوییەکـە دابنـێ و بچـۆرە سـەریان، ئەویـش بـە سەرسـوڕمانەوە بـە گوێـی دەکات. شـەوقی پێـی دەڵێت: بزانـە چەنـد پێیـان بـەرز بوویتـەوە.

بـە هەمـان شـێوە، ئەوجا (محەمـەد عەبدولوەهاب)ی سـترانبێژ ڕقـی لـە ڕیـاز سـونباتی مۆسـیقاژەن و ئاوازدانـەر بـوو، (قەسـەبچی)ش لـە بەلیـغ حەمـدی. هەڵبـەت بـە دەگمەن ئیرەیی و بەدگومانی و ناکۆکیی لـە نێـوان زانایـەک و نووسـەرێک، نووسـەرێک و مۆزیکژەنێـک، خۆشـنووس و نیگارکێشـێک، دارتـاش و ئاسـنگەرێک، بازرگانێکـی ئاوریشـم و بازرگانێکـی کاغـەزدا دەبینیـت، چونکـە بـواری کارکردنیـان جیـاوازە و بەرژەوەندییـان دژ بـە یەکتـر ناوەسـتێتەوە. گوتـێ جوانـی بـۆ چـووە دەڵێـت: داهێنـان تـا لێتـەوە دوور نەبێـت، ناتوانیـت ددانـی پێـدا بنێیـت. هەمـوو ئـەو داهێنەرانـەی ئیرەییـان بـە یەکـدی بـردووە، یـان گومانڕەشـییان بەرانبـەر یەکتـر لا دروسـت بـووە، نزیـک بـوون لـە یەکدییەوە. بێگومـان ئەمـەش ئەوپـەڕی هەژاریی ڕۆحـی و هزریی کەسـی ئیرەییبـەرە، لـە ئەنجامـدا دەبێتـە مایـەی بەدبەختییەکـی زۆر بـۆی و هەرچییـەک دەکات ئـەو هەسـتە دژوارە ناهێڵێـت بەختـەوەر بێـت، ئەمـە جگە لـەوەی زۆر کات ئیرەییبـەران کەسـانی بـێ بەهـرە و تەمبـەڵ و بوودەڵـەن، بـەو ئیرەییـە کوشـندەیەیان، کـە چەشـنی مۆرانـە ڕۆحیـان دەکرۆژێـت و ڕۆحـی ملشـکاندن و ئیرەیـی و ئـارەزووی لاوازکردنـی ئـەوی تـر، یـان تێکشـکاندنی بەسـەریاندا زاڵ دەبێـت، دەیانەوێت دژایەتـی هەمـوو ئەوانە بکـەن لـە خۆیـان بەهرەمەندتـر و بەتواناییتـر و داهێنەرتـرن. بێرتراند (ڕەسـڵ)ی بیرمەنـدی ئینگلیـز جوانـی بۆچـووە سـەبارەت ئیرەیـی وتوویەتـی: «ئیرەیـی یەکێـک لـە بەهێزتریـن هۆکارەکانـی کەساسـییە». مـرۆڤ هەمیشـە ئیرەیـی بـە شـتێک دەبـات نییەتـی.

هەڵبـەت لـە کـۆی ئـەم ناکۆکییانـەدا ئـەوەی بمێنێتـەوە و نەمـری بەدەسـت بهێنێـت بەرهەمـی بـاڵا و ڕەسـەن و پـڕ لـە داهێنانـە.

هەڵبـەت نکوڵـی لـەوە ناکرێـت چـۆن لـە نێـو نووسـەر و داهێنەرانی بیانی و عەرەب و سـەرلەبەری میللەتانـی دنیـادا گومانڕەشـی و ئیرەیـی هـەر هەبـووە و دەبێـت، کوردیـش وەک هـەر میللەتێکی تـر بـێ بـەش نییـە لـەو خـوو و خەسـڵەتە. «ئەگـەر چاوێـک بـە مێـژووی کـۆن و نوێـی کۆمەڵگـەی کوردیشـدا بخشـێنن، ئـەوە دەبینـن ژمـارەی ئـەو کەسـانە کـەم نیـن ئیرەییـان بـە کەسـانی لێهاتـوو و داهێنـەر و کارامـە بـردووە و ئـەو ئیرەییەیـان ئاگـری ڕق و کینـەی لـە ناخیانـدا هەڵایسـاندووە و هەنـدێ جـار بـە ئاشـکرا و هەندێـک جـاری تریـش بـە نهێنـی، ئـەو جامـی ڕقـی خۆیـان بەسـەر ئـەو کەسـە بەهرەمەندانـەدا ڕشـتووە. بێگومـان دواجـار گـرەوی داهێنـان و ژیـان هـەر بـۆ بەهرەمەنـدەکان بـووە، نـەک ئیرەییبـەرە سایکۆپاتییەکان. ئەوەتانێ ئەوانـەی ماونەتـەوە نالـی و گـۆران و شـێرکۆ بێکـەس و ...تـاد، نـەک ئەوانـەی تۆپەڵێـک ڕق و بوغـز و ئیرەیـی و هەسـت بـە کەموکـوڕی بـوون بەرانبەریـان». (١٦)

لێـرەدا لەبـەر ئـەوەی سـەرچاوەی جێبـڕوام لەبەردەسـتدا نییـە، تەنیـا ئـەم دوو نموونەیـە دەهێنمـەوە.

مـەلای جەبـاری (١٨٠٦- ١٨٧٦) دەگێڕێتـەوە: ڕووم کـردە شـاری کەرکـووک و لـە مزگەوتـی

«نائیب» بە فەقێیەتی گیرسامەوە، مزگەوتی ناوبراو بێجگە لەوەی قوتابخانەیەکی ئایینی بووە، هاوکات حوجرەی لیژنەی فەتواشی لێ بوو، جا لەبەر ئەوەی چەند جارێک هەڵەی مەلاکانی لیژنەی فەتوام ڕاست دەکردەوە و لە ئەدەبیات و زانستی فارسیدا زۆر کۆڵەواربوون، پێیان قبووڵ نەدەکرا، بۆیە کەوتنە دژایەتیم، ئیتر زۆر ئیرەییان پێم دەبرد و زۆر ئازاری دەروونیان دەدام، بەردەوام لە بەردەم فەقێکاندا ڕووشکێنیان دەکردم، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژێکیان مەلاکان مانیان گرت و لە نێوان خۆیاندا بە زمانی تورکمانی، تاکوو من تێنەگەم گوتیان: "یام بوو کوێلی بوردە قالماس، یام بز بوردە قالمرغ» واتا: یان ئەم هەتیوە دەشتەکییە لێرە نامێنێت، یان ئێمە لێرە نامێنین.

دواتر مەلایەکیان هاتە لام چپاندی بە گوێمدا: ڕۆڵە تۆ هیچ دەرسێکت لای ئێمە نەماوە و ئەوەی پێمان بووە قسوورمان نەکردووە، بۆیە پێمان باشە بچیت بۆ شارەکانی دیکە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری نوێ، ئەوەبوو چووم بۆ سلێمانی و ماوەیەک لەوێ مامەوە.(١٧)

ڕەفیق سابیری شاعیر لە یادەوەرییەکانیدا دەنووسێت: «نووسەرێک لە چاوپێکەوتنێکدا ستایشی منی کردووە و بە (شاعیری گەورە) ناوی بردووم، کەچی دواتر، کە ساردییەک کەوتە نێوانمان، لە چەندان وتاردا، دەیان لاپەڕەی بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ڕەش کردەوە بۆ ئەوەی شیعرەکانم وەکوو نموونەی خراپی شیعری کوردی وێنا بکات و منیش بە شاعیرێکی بێتوانا دابنێت، تەنانەت باسی ژیانی تایبەتم بکات!».(١٨) بە هەمان شێوە چیرۆکنووس ئەحلام مەنسووری پەپوولەی بەر زریان «تێکەڵی کەشوهەوای پڕ لە ئیرەیی نووسەران بوو».(١٩)

## ڕەنگدانەوەی گومانڕەشی و ئیرەیی لە دوو ڕۆمانی عەرەبیدا

### یەکەم: ڕۆمانی «قەلەندەر و قەڵا»

سوهرەوەردی (ئەبولفتوح یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی ئەمیرەک) نازناوی شەهابەددین بووە، لە نێوان ساڵانی ١١٥٠- ١١٥٥ی زایینی لە گوندی سوهرەوەرد (سوورەبەرد)ی نزیک زنجان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاتی خۆی بەدەستی مەغۆلەکان وێران بووە، هاتووەتە دنیاوە. ساڵانی سەرەتای تەمەنی لە سوهرەوەرد بەسەر بردووە و هەر زوو فێری خوێندنەوە و نووسین بووە و قورئانی ئەزبەر کردووە. دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێت بۆ مەراغەی ئازربایجان لەسەر دەستی مەجدەددین جیلیی مامۆستای شارەزا لە زانستی کەلامدا دەخوێنێت.

ئەوجا هەر بە مەبەستی خوێندن دەچێتە ئەسفەهان و ماردین و دواتریش حەلەب. ئەم چوونەی بۆ حەلەب و ماوەی مانەوەی لەوێ، هاوکات دەبێت لەگەڵ جەنگی خاچپارێزاندا و ئەودەم سەڵاحەددینی ئەیووبی فەرمانڕەوا دەبێت، زاهیر شای کوڕیشی میری حەلەب دەبێت.

لە حەلەب پاش ماوەیەک بۆی دەردەکەوێت سوودێکی وا لە خوێندنەکەی نابینێت و دەکەوێتە گفتوگۆ و وتووێژی سەخت لەگەڵ مامۆستا و زانا و فەقیهەکانی ئەوێدا. ئەو بیروبۆچوونانەی بە لای فەقیهانی حەلەبەوە دەرچوون بوو لە سوننەتی ئیسلام، بۆیە سەرسەختانە کەوتنە دژایەتیکردنی و تۆمەتهەڵبەستن بۆی، بەتایبەت کە زاهیر شا ڕێزێکی تایبەتی لێ دەنا، ئەمەش

بەس بوو بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر ئەو فەقیهانە جامی ڕق و ئیرەیی خۆیان بەسەر سوهرەوەردیدا بڕێژن، کاتێک زانییان زاهیر شا لە ئاست سوهرەوەردیدا زۆر گوێ بە سکاڵا و گلەییەکانی ئەوان نادات، خۆیان گەیاندە لای سەلاحەددینی باوکی و ئەویان دژ بە سوهرەوەردی هان دا و وایان تێگەیاند کابرایەکی باتنی و فاتمییە، ئەودەمیش فاتمییەکان مەترسییەکی گەورەیان بۆ سەر دەوڵەتی ئەیووبی دروست کردبوو، بۆیە سەلاحەددین گوشار بۆ زاهیر شای کوڕی دەهێنێت و پێی دەڵێت، بە هەر شێوەیەک بووە، خۆی لە سوهرەوەردی ڕزگار بکات و لەناوی ببات.

زاهیر شا دەیزانی ئەمە هەمووی لە ئیرەیی و لاوازیی فەقیهەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، دوای هەوڵێکی زۆر ویستی باوکی قایل بکات، ئەوە وا نییە و سوهرەوەردی فەیلەسووف و زانایەکی گەورە و پایەبڵندە، ئەوانی دی لە ئیرەیی و ڕقەوە ئەو تۆمەتەیان بۆ هەڵبەستووە، بەڵام سەلاحەددین لە وەڵامدا دەڵێت، تەنانەت ئەگەر واش بێت، بۆ ئەوەی ناوەندی دینی و فەقیهەکانی حەلەب و شام لە دەوڵەتی ئەیووبی هەڵنەگەڕێنەوە، چار نییە و دەبێت قوربانی بە سوهرەوەردی بدرێت.

فەقیهەکانی حەلەب چەندان سکاڵایان بۆ سەلاحەددین ناردبوو و وایان تێگەیاندبوو ئەگەر فریای زاهیر شای کوڕی نەکەوێت، وەکوو سەدان لاوی تر، بە سوهرەوەردی فریو دەخوات و ئەودەم ئابڕووی بنەماڵەکەیان دەچێت و موسڵمانانیش بە ئاگری فیتنە دەسووتێن. سەلاحەددین نامەیەک بۆ کوڕەکەی دەنووسێت:

«کوڕەکەم! من فەقیهێک نیم، تا بە بەرچاومەوە کەسێک دادگایی بکەن و منیش هەڵی بسەنگێنم و داوەریی خۆمی لەسەر بکەم، ئەوەی لەسەر تۆیە، ئەوەیە کە دەسبەجێ حوکمی فەقیهەکان لەسەر ئەو جێبەجێ بکەیت، ئەگەر ئەمە نەکەیت، من ناچار دەبم لەسەر حوکمی حەلەب لات ببەم. ئەو کارە دوامەخە، چونکە ئەم فەقیهانە ڕادەست نابن و بەزەییان نییە و بە ئاسانی دەتوانن ناوی ئێمە بزڕێنن و خەڵکمان لێ هان بدەن. من نامەوێت ئەوە بزانم، کە ئاخۆ زانایانی دیمەشق و حەلەب ڕاست دەکەن، یان نا، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، ئەوەیە کە ئەمانە دڵیان لێمان نەڕەنجێت. ئەوان خۆیان لە فەتواکەیان بەرپرسیارن و پێوەندیی بە منەوە نییە.

سەبارەت بەوەش کە سوهرەوەردی بێگوناهانە خوێنی دەڕژێنرێت، خەتاباری سەرەکی لەمەدا، سوهرەوەردی خۆیەتی، ئەوێک خەڵکی ئەم دەڤەرە نییە، ئەگەر سەرچڵی نەکردایە و نەهاتایەتە ئەم مەملەکەتەی ئێمەوە و دژایەتی زاناکانی نەکردایە، هەڵبەتە چارەنووسی بەمە نەدەگەیشت، دواجار مەرجیش نییە هەموو زاناکانی حەلەب بە هەڵەدا چووبن، بێگومان دیارە ئەو پیاوەش کۆمەڵێک شتی گوتووە، کە دژ بە ئایینی ئیسلامە». (٢٠)

بەم ئاوایە ئەم زانا مەزنەی لە مێژووی فەلسەفە و عیرفاندا، بە دامەزرێنەری ڕێبازی ئیشراق لە قەڵەم دەدرێت و بە یەکێک لە پیاوە یاخی و سەرچڵەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، لە تەمەنێکی کورتدا توانی نزیکەی ٥٠ کتێب بنووسێت، بەشێکیان بە فارسی و بەشێکیان بە عەرەبین، تەکفیر دەکەن و ئیدی زاهیر شا ناچار دەکرێت فەرمانە ناڕەواکەی باوکی جێبەجێ بکات، سوهرەوەردی سەرپشکی هەڵبژاردنی جۆری مردنەکەی دەکات، سوهرەوەردی داوا دەکات فرێی بدەنە زیندانێکەوە نان و ئاوی نەدەنێ، تاکوو

گیــان دەســپێرێت.

دوای هەفتەیــەک بڕســتی لەبــەر دەبــڕێ و لــە زیندانـدا لەبرسـان دەمرێت. فەقیهـەکان گومانیـان هەبــوو مردبێــت، داوایــان کــرد ببیننــن، تــا ڕاستییەکەیان بـۆ دەربکەوێت. دوای ئەوەی بۆیان دەرکــەوت مــردووە، بردیــان و داوایــان کــرد لــە سێدارە بدرێـت. ئیـدی «لەسـەر داوای ئـەو زانـا و ئیماندارانـەی شـەوی ڕابـوردوو لـە پێنـج مزگەوتـی شــاردا کۆببووبوونــەوە و پێشــنیاری ئەوەیــان کردبـوو، کـە ڕۆژی هەینـی، بـەر لـە نوێـژ، لـەداری بــدەن. جەســتە بێگیانەکــەی ســوهرەوەردییان لــە قــەڵا بــردە دەرێ و ئــەو ئەرکەیــان بــە قــەزا گێڕایــەوە و لــە ســێدارەیان دا». (٢١)

ئەمــە چارەنووســی زانایــەک بــوو لــەو تەمەنــە کورتەیـدا هەمـوو هـەوڵ و تەقەللایەکـی لەپێنـاو ڕووناکیـدا بـوو بـۆ ژیان و بۆ مرۆڤەکانی دەوروبەری، بــەڵام لەبــەر ئیرەیــی و ئاســتی تێنەگەیشــتنی نەیارانــی ئــەو چارەنووســەیان پــێ ڕەوا بینــی کــە پێشـتر بـە مەنسـووری حەلاجی هاوەڵـە ڕۆحییەکەی ئەویــان ڕەوا بینیبــوو.

**دووەم: ڕۆمانی «زریاب»**

هەمــوو ئــەو ئیرەیــی و بەدگومانــی و ناکۆکییــە کوشـندانەی باسـمان کـردن، وەک ئـەوەی ڕووداوەکانی مێـژوو کتومـت دووبـارە ببنـەوە، تـەواو لـە ڕۆمانــی (زریــاب)ی (مەقبــوول ئەلعەلــەوی) دا خەســت بوونەتــەوە و بــەدی دەکرێــن. ئیســحاق مووســڵی موزیکژەنـی پیـر لـە بەراییـدا زریابـی خـۆش دەوێـت و سـۆزی خۆشەویسـتی پـێ دەبەخشـێت «ئیسـحاق مووسـڵی ئاغامـم دەبینـی دەهـات و دەچـوو. لە ماڵـە گەورەکــەی خۆیـدا پاشــا بــوو. گوێــم لــە ورشــەی جلەکانی و ترقـەی کەوشـەکانی بوو لەسـەر زەوییەکە، دەمبینــی دەســتەکانی لــە دواوە تێکئاڵقابــوون، کاتێـک بـە تەکمـدا تێدەپـەڕی گرێکەیـان دەکرایـەوە و بەوپــەڕی خۆشەویســتییەوە دەســتی بــە ســەرمدا دەهێنــا، جەســتەی ون دەبــوو، تارمایــی و بــۆن و ئامادەیــی لــە شــوێنەکە و لــە ئاوەزمــدا ماوەیــەک دەمــان...». (٢٢)

خەلیفە هاروونە ڕەشید داوا لە ئیسحاق مووسڵی دەکات ئــەو کــوڕە بهێنێــت، ڕۆژێکیــان هــەر خــۆی لای خەلیفــە زۆری بــە توانایــی و زیرەکییەکەیــدا هەڵگوتــووە «ئــەو ڕۆژەم بیرناچێتــەوە ئێوارانێکــی زوو ئیســحاق ئاغــام لــە دەرگــەی دا و بــە دڵــی خۆشــەوە پێــی گوتــم:

- ئــەو ســاتە هــات چاوەڕێمــان دەکــرد، ســبەی لەگەڵمـدا دێیت بـۆ جڤاتـی خەلیفـە هاڕوونـە ڕەشـید، باســی تــۆ و بەهــرەی تــۆم بــۆ کــردووە، خــۆت ئامادەبکــە». (٢٣)

کەچــی دواتــر هــەر هێنــدەی هەســت دەکات لەسـۆنگەی بەهـرەی گـەورەی قوتابییەکەیـەوە پایـە و بەرژەوەندیـی دەکەونـە مەترسـییەوە، دژی (زریـاب)ی تـازەلاوی بەهرەمەنـد، (زریـاب)ی کۆیلـە و قوتابـی خـۆی دەوەسـتێتەوە. لـەوە دەترسـێت زریــاب بــە هــۆی ئــەو بەهــرە گەورەیــەی تێیــدا هەڵدەقوڵــێ وەک موزیکژەنێــک شــوێن و پایــەی ئــەم لــە کۆشــکدا لــەق بــکات و ببێتــە پاشــکۆی قوتابییەکــەی.

هــەر هێنــدەی ئاگردانــی ئیرەیــی دەکەوێتــە گــەڕ، ئیــدی شــاردنەوەی زەحمــەت دەبێــت و وردە وردە دەبێتــە مایــەی داڕمانــی ئاکاریــی لای کەســی ئیرەییبــەر و هەنــاوی دەکرۆژێــت، ئەمــە ئەگــەر جـاری وا هەیـە نەبێتـە هـۆی ئەنجامدانـی تاوانیــش. «لــە دوێنێــوە مــن گــەورەی تــۆ نیــم، ڕاســت و ڕوون دەبــم لەگەڵتــدا. ئــەی نازانیــت ئیرەیــی دەردێکــە لــە کۆنتریــن دەردەکان و لــە هەموویـان پتـر کار لـە نـاخ دەکات و قووڵتریـن زام

لەسـەر دڵ جـێ دەهێڵێـت؟». (٢٤)

«ئـەم ڕق و کینـە و نەیـاری و شـەڕەی دژ بـە زریابـی تـازەکار دەبنـە هـۆی ئـەوەی لـە داهێنـان و نوێبوونـەوە بوەسـتن... بۆیـە ئیسحاق مووسڵی لای خەلیفـە هاڕوونـە ڕەشـید قسـەی خراپ لەسـەر زریابـی زێـدە بەهـرەداری بـێ تـاوان و بـێ گونـاح دەکات، لـە ئەنجامـدا هـەر بـە خـۆی دەیڕەنجێنێـت و وڵاتبـەدەری دەکات». (٢٥)

لـێ (زریـاب)ی فـرەزان لـە هونـەری ئەتەکێت و خـواردن، (زریـاب)ی بلیمەت و ئەفسـانەی موزیکی عەرەبـی، (زریـاب)ی بـۆ موزیک خوڵقـاو، (زریاب) ی دەنگخـۆش و زوڵاڵ، وەکـوو هونەرمەندێکـی ڕەسـەن، بـە پێچەوانـەی مامۆسـتاکەی، هەمـوو خەمـی ئـەو عوودەکـەی و ئاوازەکانـی بـوو، کۆڵـی نـەدا و هـەر هێنـدەی سـەقامگیر بـوو، ژێـی پێنجەمـی بـۆ عوودەکـەی دانـا و زمانێکـی نوێـی بـە ئامێـری عـوود بەخشـی، مۆسـیقای ئـەو لـە لایەکـەوە بـواری دەدایـێ لـە ژیـان هەڵبێیـت، لـە لایەکـی دیشـەوە وای لـێ دەکردیـت بـە شـێوەیەکی قووڵتـر لـە ژیـان بگەیـت. ئـەو بـە دامەزرێنـەری یەکەمیـن قوتابخانـەی موزیـک دادەنرێـت، ئەودەمی لـە بەغـدای (یەکەمیـن جـار دوورخراوگـە و دواتـر نیشـتمانی) دوورخرایـەوە، لـە قورتوبـەی ئیسـپانیا دایمەزرانـد. جگـە لـەوەی ژیـاری ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتـی گواسـتەوە ئەندەلـووس و لەوێشـەوە بـۆ ئەورووپـا و جیهـان. بەهـرەی زریـاب تەنیـا لـە مۆسـیقا و گۆرانیـدا چڕ نەدەبـووەوە، بگرە چیرۆک و ئەفسـانە و حەکایەتـی پاشـا و خەلیفەکانـی دەگێڕایـەوە، ئەمـەش وای لـە خەڵکەکـە کـرد لـە دەوری کۆببنەوە و شـەیدای بن و خۆشـیان بوێت، هەروەهـا مـۆدەی جلـی هێنایـە ئەندەلووسـەوە، بـۆ هـەر وەرزێـک جـۆرە پۆشـاکێک بەکاربێـت و بـۆ هـەر بۆنەیەکیـش جلێـک.

زریـاب (ئەبولحەسـەن عەلـی بـن نافعـی مووسـڵی) ی بـە ڕەچەڵـەک کـوردی بـە بنەچە بۆتانـی هاتوو بۆ مووسـڵ و پاشـان بـۆ بەغـدای پایتەختـی خەلیفـەی عەباسـی، مێـژووی ئیسـلام گەلێـک سـتەمی لـێ کـردووە، (زریاب)یـش وەکـو زۆر لـەو نووسـەر و هونەرمەنـد و بیرمەندانـەی خزمەتـی مرۆڤایەتییـان کـردووە و بـە زمانـی عەرەبـی، یـان تورکـی و فارسـی نووسـیویانە، ئیـدی نکوڵـی لـە کوردبوونیـان کـراوە. زریـاب لـە ڕێـی مێـژووی ڕۆژئـاواوە پتـر ئـاوڕی لـێ درایـەوە وەک لـە ڕۆژهـەڵات، لـەوێ ناسـرا و زیاتـر سـوودیان لـە ئەزموونـە دەوڵەمەندەکـەی وەرگـرت.

مخابـن، داهێنـەران لـە هـەر ژینگـە و شـوێنێکدا بووبـن، لـە هـەر ڕۆژگارێکدا ژیابـن، ئاسـوودەییان بـە خـۆوە نەبینیـوە و ئیرەیـی هاوپیشـەکانیان هەمبەر داهێنانەکانیان ئازاری داون و لێ نەگەڕاون ئاسـوودەبن، تاکوو ئـەو ڕادەیـەی هەندێـک جـار ئیرەیـی سـەری داهێنـەری خـواردووە و توانایـی و کارەکتـەری سـەرکەوتووی تیـرۆر کـراوە و زریـاب ئاسـا بـەم ڕۆژگارەوە بـەدەم ئـازاری پێکانـی تیـری ئیرەییـەوە تلاوەتـەوە.

پەراوێزەکان:

(١) امين الزاوي، عندما يصاب المثقف بعقدة قابيل، اندبندنت عربية، ٢٠٢٢/٢/٢٤.

(٢) علي حسين، كيف نقرأ الكتب المملة؟ دار المدى، بغداد، ٢٠٢٤ ص١٨٥.

(٣) هاشم صالح، صراعات صغيرة بين عمالقة الادب والفكر، الشرق الاوسط، ٢٠١٩/٣/١١.

(٤) علي الرباعي، مثقفون ام حساد؟ موقع عكاظ ١٢/١٧/ ٢٠٢١.

(٥) امين الزاوي، عندما يصاب المثقف بعقدة قابيل، اندبندنت عربية، ٢٠٢٢/٢/٢٤.

(٦) ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی سوورەتی یووسف کە دەڵێت:» إني رأيت أحد عشر كوكبا، والشمس والقمر، رأيتهم لي ساجدين.»

(٧) ئازاد بەرزنجی: ئیرەیی لە «یووسف»ـەوە تا کورد (بۆچوونێکی سایکۆ فەرهەنگی). سەرچاوە: دەستنووس.

(٨) بڕوانە: العربية نت/ عهد فاضل: انتقم باللغة الفارسية من كتاب عربي اوقع الحسد في قلبه، ٢٠١٧/١٢/١٩.

(٩) واتا: بە دەمکوتکردنیان ئیرەیی ئیرەییبەرانم لەسەر لادە، ئەوە تۆ وات کرد ئیرەییم پێ بەرن.

(١٠) بڕوانە: عبدالرحمن حبيب، سيف الدولة الحمداني والشعراء.. هل ظلم المتنبي؟، موقع اليوم السابع، ٢٠٢٢/٥/٢٢.

(١١) ئەسپ و شەو و بیابان دەمناسن... هەروەها شمشێر و ڕم و کاغەز و خامەش.

(١٢) امين الزاوي، عندما يصاب المثقف بعقدة قابيل، اندبندنت عربية، ٢٠٢٢/٢/٢٤

(١٣) عەلی حوسێن، کەمەندکێشییەکانی خوێندنەوە، و: سەباح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٤ ل

(١٤) لە والّی (حەمەسەعید حەسەن) وەرگیراوە. ٢٠٢٣/١٢/٢٨.

(١٥) ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل١٧٩ – ١٨٠.

(١٦) ئازاد بەرزنجی: ئیرەیی لە «یووسف»ـەوە تا کورد (بۆچوونێکی سایکۆ فەرهەنگی). سەرچاوە: دەستنووس.

(١٧) عەبدولستار جەباری، مەلا فەتاحی جەباری لە بیرەوەریی نەوەکانی مەحموود پاشای جافدا، ڕامان، ژ ٣٢٠ی ٢٠٢٤/٦/٥. ل٩٤ – ٩٥.

(١٨) ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل١٤٨ – ١٤٩.

(١٩) ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل١٥٩.

(٢٠) یەحیا یەسریبی، ڕۆمانی قەڵەندەر و قەڵا، و: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە: تاران، چ٣، ٢٠٢١، ل٣٣٨ – ٣٣٩.

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل٣٤٤.

(٢٢) مەقبول ئەلعەلەوی، زریاب (ڕۆمان)، و: سەباح ئیسماعیل، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی٢٠٢٠، ل٦٨.

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل١١.